# تێڕامانێك لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و گرفتەکانی



پێش ئەوەی بێمە سەر باس کردنی ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ لە حزبدا , دەمەوێت زیاتر لە سەر دابڕانی چین و حزب لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لە عێڕاقدا , بڕۆم . حزب لەم بزووتنەوەیەدا زیاتر لە دامەزراوەیەکی سەروو چینایەتی و ئەقلانی دەچێت , تا لە ئامڕازێکی خەباتگێڕانەی چینایەتی . شیکردنەوەیەکی مارکسیستانە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خەبات لە ئارادا نییە , چۆنیەتی هاوسەنگی هێزەکان و جێگا و ڕێگای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەو هاوسەنگییەدا یان نییە , یان ئەگەر هەبێت لە دووتوێی کێشمەکێشە چینایەتییەکان و ڕۆلی خەباتگێڕانەی چینی کرێکارەوە نییە . بنەمای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە خەباتی چینی کرێکارە لە باسە بناغەییەکاندا ( ئەگەر باسی لەو جۆرە بە تێر و تەسەلی هەبێت ) پەردە پۆش دەکرێت . لە جیاتی ئەوەی خەباتی ڕۆژانەی حزب ببەسرێتەوە بە خەباتی سەرانسەری چینی کرێکارەوە و لەوێوە ووزەی لە بن نەهاتووی وەربگرێت , دەیکەن بە ڕابەر و فەرماندای چینی کرێکار و تەنیا هێزی گۆڕەپانی ململانێی چینایەتی . رابەرایەتی خۆی بە چ چاوێك کەتوار ( واقیع ) دەبینێت , دەبێت نەك هەر ئەندامانی حزبەکە , بەڵکو هەموو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چینی کرێکاریش ئاوەها ببینێت . لینین کە حزب بە پێشڕەوی چینی کرێکار دادەنێت , لەوێوەیە کە چ وەك حزب و چ وەك هەر مرۆڤێکی کۆمۆنیست تیایدا , زۆرترین هۆشیارییان هەیە دەربارەی چینی کرێکار و خەبات و ڕێوشوێنی لە کۆمەڵگادا . وە باشترین تێگەیشتنیان هەیە لە سەر قۆناغە جیاوازەکان و ئەرکە چینایەتییەکانی هەر یەکەیان . وە چالاکترین هەڵسوڕاوانی سیاسی چینی کرێکارن لە مەیدانە جیاوازەکانی ململانێ چینایەتییەکاندا . لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا لای ئێمە , ئەرکە چینایەتییەکان بە پلەی یەکەم بووە بە ناساندنی ڕابەرەکان . چارەکە سەدەیەکە ئەم حزب و ڕێکخراوانە بە ئەندامان , ڕابەرەکان دەناسێنن بە چینی کرێکار و هەر نەشناسران . ئاخر چینی کرێکار چۆن ڕابەرێك دەناسێت کە چینەکە نەناسێت.

من گرفتەکە لەویادا نابینم کە بڵێم لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا کار نەکراوە , خەبات نەکراوە , بەڵکو کار و خەبات هەندێك جار بە شێنەیی و هەندێك جار شێلگیرانە و بە چڕوپڕی لە لایەن ئەندامان و زۆربەی کادرانی ڕێکخراو و حزبەکانەوە ئەنجام دراوە , بەڵام ڕابەرایەتی بە لایەکی تریدا بردووە . ئارەق زۆر ڕێژراوە , شەونخوونی زۆر کێشراوە , تەنانەت چەندین ئەندام و کادری بەرجەستە لەو پێناوەدا گیانیان لە دەست داوە , بەڵام بە داخێکی زۆرەوە ڕابەرایەتییەکان زۆربەی ئەو ڕەنجانەیان بە فیڕۆ داوە . بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەخۆشییەکەی لە ناوەوەیە , لە دەرەوە نییە , بۆیە چارەسەر کردنەکەشی دەبێت لە ناوەوە بکرێت نەك لە دەرەوە . من کە باس لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی حزبیی دەکەم بۆ چینی کرێکار , لەوێوە نییە کە بڕوام بە هەبوونی حزب نەبێت , یان لەوێوە نییە کە حزب نابێت ڕۆڵی هۆشیار کردنەوە و ڕابەرایەتی کردن ببینێت , بەڵکو لەوێوەیە کە چۆن دەتوانێت ببێت بە حزبی چینی کرێکار . من بۆ خۆم حزب بەو ئەندازەیە بە ڕابەر دەزانم , کە ئامڕازی خەباتی چینایەتی بێت , کە نوێنەری بەرژەوەندییە سەرانسەرییەکانی چینی کرێکار بێت , کە یەکەی ڕاپەڕاندنی ئەرکە نێونەتەوەییەکان بێت , کە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی بە سەر چینی کرێکاردا نەبێت .

هەموو دابڕانێکی هەر حزبێکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە هەر وولاتێکدا بێت , لە خەباتی چینی کرێکار , بە ناچاری دابڕانی دووەمیش بە دوای خۆیدا دێنێت کە ئەویش دابڕانی ڕابەرایەتی ئەو حزبەیە لە ئەندامان . وە دابڕانی ڕابەرایەتیش لە ئەندامان , حزب دەخاتە سەر دووڕیانی لابردنی ڕابەرایەتی یان داسەپاندنی , کە لە یەکەمیاندا ئازادی هەڵسووڕان و لە دوەمیشیاندا سەرکوت بەرقەرار دەبێت .

له كاتێكدا كه كەلێن و كەلەبەری گەوره دەكەوێته نێوان حزب و چینی كرێكار له لایەك و ئەندامان و ڕابەرایەتیش له لایەكی ترەوه ,

ئیتر ووتاری بیٚ ناوەرۆك و قسەی قەبه و تۆمەت كردن و توانج گرتنه یەكتری , ڕێچكه دەبەستن . هەڵەكان و تێنەگەیشتنەكان و ڕاستییەكان پێكەوه دەشاردرێنەوه . مافه مەدەنییەكان و ئازادییەكان و ووریا كردنەوەكان , هەڵدەگیرێن و دەسپێردرێن به ئایندەیەكی نادیار . سەركوت و سزا و جیاوازیی كاریی دەبێت به سیمایەكی تازەی تەشكیلات . مل كەچیی ئەندامان و گەورەیی ڕابەران و تاكڕەویی له بڕیارداندا, دەبێت به پێناسه بۆ كۆمۆنیست بوونی حزب ! یەكێك له خاسیەتەكانی ئەم جۆره ڕێكخراو و حزبانه , دان نەنانیانه به هەڵەكانیاندا . لینین له نامیلكەی (ڕەسائیل حەوله تاكتیك ) دا له لاپەڕه 68دا دەڵێت : ( نابێت هەڵەكانمان له بەردەم دوژمندا بشارینەوه , ئەوەی لەمه بترسێت , شۆڕشگێڕ نییه ) . حزبەكانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , نەك هەڵەكان له دوژمن دەشارنەوه , وه نەك له چینی كرێكار و دۆست و خۆشەویستەكانیان , تەنانەت له ئەندامانی تەشكیلاتەكانی خۆشیان دەشارنەوه .

ڕابەرایەتی حككع له ماوەی زیاتر له ده ( 10 )ساڵدا كه لانی كەم دەیان هەڵەی گەوره و بچوكی له خەباتی سیاسیدا كردووه , نەیتوانی تەنانەت له بەردەم ئەندامەكانی خۆیشیدا , دان به یەك هەڵەدا بنێت . هەچ حزب و ڕێكخراوێك هەڵگر و لاسایی كەرەوەی ئەم میتۆدی كار كردنه بێت , دیاره ئەگەر له حككع به پێی ئەو ووتەیەی لینین نا شۆڕشگێڕتر نەبێت , ئەوا لانی كەم به قەدەر ئەو نا شۆڕشگێڕه ( مەبەست له شۆڕشگێڕیەتی چینی كرێكاره نەك ووردە بۆرژوا ) . چارەسەر كردنی گرفتەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی دەبێت له پڕ كردنەوەی ئەو كەلێنەوه دەست پیٚ بكرێت كه كەوتووەته نێوان ڕیزەكانی خوارەوەی تەشكیلات و ڕابەرایەتییەوه . یانی دەبێت زەمینەی ئازادییەكان فەراهەم بكرێت , مافه مەدەنییەكانی ئەندامان به كردەوه دەست نیشان بكرێت , به بەردەوامی هانی ڕەخنه و باس و بیرۆكه و پێشنیار بۆ بردنه پێشەوەی كارەكانی حزب بدرێت , جیاوازییەكانی نێوان ئەندامان و كادران و ڕابەرایەتی , تەنیا وەكو دابەش بوونی كار بمێنێت , نەك وەكو پله و پایه و فەرمان و خۆڕادان و بڕیاردان . ماركسیزم , زانستی ڕزگاری بەخش و سەرچاوەی قسه و باس و لێكۆڵینەوه و بەرئەنجام و بڕیارەكان بێت , نەك بیر و تێڕوانین و لێدوانی لیدەر و چەند ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی . وه دەبێت پێوانەی ڕاست و دروستی باسوخواسی هەر كەسێك , هەر له لیدەرەوه تا ئەندامێكی خوارەوەه , پاراستنی بەرژەوەندییه سەرانسەرییەكانی چینی كرێكار و بردنه پێشەوەی خەباتی چینایەتی بێت . لەم كەناڵانەوەیه كه حزب به شێوەیەكی كەتواریانه ( واقعیانه ) دەبێت به حزبی هەموو ئەندامان . وه لێرەشەوه حزب دەتوانێت ببێت به ئامڕازی خەباتی چینی كرێكار . ڕاسته مەسەلەی بڕوا بوون و هەولدان بۆ دامەزراندنی حوكومەتی كرێكاری له ڕێگای شۆڕشی كۆمەڵایەتی خۆیانەوه , مەسەلەیەكی بنەڕەتی و هێڵی جیابوونەوەی هەر حزبێكی ماركسیستییه له بزووتنەوەی كۆمۆنیستیدا , بەلاّم پیاده كردنی میتۆدێكی گونجاویش بەو خەباته چینایەتییه بۆ گەیشتن بەو ئامانجانه كه له سۆشیالیزمدا بەرجەسته دەبێتەوه , دیسانەوه مەسەلەیەكی بنەڕەتییه . بەكار هێنانی زانستی دایلەكتیك كه قووڵترین و بەرفراوانترین زانسته , شتێكی هەروا سانا و دەرهاویشتەی مێشكی ئەم ڕابەر و ئەو ڕابەر نییه . زانستێكه له ( ناسین و دەست گرتن به هەر ئەڵقەیەكی زنجیرەی خەبات و خۆ گواستنەوه بۆ ناسین و دەست گرتن به ئەڵقەیەكی ترەوه و ڕۆیشتن بەم شێوەیه تا دوا ئەڵقەی زنجیرەكه ) _ئەوەی ناو كەوانەكه له ووتەیەكی لینین وەرگیراوه _ , گرنگترین و زیندووترین ڕۆڵی هەیه . بیٚ وەرگرتنی ئەو زانسته ڕێگای خەباتی چینایەتی و پەیوەندییەكانی حزب و چینی كرێكار به تەواوی ڕۆشن ناكرێتەوه . ئەگەر گرفتی ڕێكخراو و حزبەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی به حككع یشەوه بۆ خەبات و شۆڕش و حوكومەت و سۆشیالیزم تیئۆری و پڕاكتیسی بێت , ئەوا بۆ حزبەكەی ئێمه زیاتر پڕاكتیسییه و ئەویش به شێوەیەكی گشتی له هەندێك كەناڵی وەك چۆنیەتی ڕێكخراو بوون و پەیوەندییه تەشكیلاتییەكان و

پەی بردن بە زانستی دایلەکتیك لە پەیوەندییەکانی نێوان حزب و چینی کرێکاردا و لە پرۆسەی خەباتی چینایەتیدا , خۆ دەبینێتەوە . ئەگەر ئەندام لە حزبێکی مارکسیستیدا نامۆ بێت بە حزبەکەی , بێگومان بە چینی کرێکاریش نامۆ دەبێت . ئەندام ناتوانێت متمانەی بە حزبەکەی هەبێت , ئەگەر حزب متمانەی خەباتی حزبیی و چینایەتی بەو نەبێت . کاتێك ئەندام دەتوانێت حزبەکە بە حزبی خۆی بزانێت , کە لەو بارەیەوە هەست بە جیاوازی خۆی و ڕابەرایەتی نەکات . هەر ئەم زەمینە فەراهەم کردنەیە بۆ ئەندام کە گیانی هاوڕێیەتیشیان بۆ یەکتری لە سەر بەرجەستە دەبێتەوە . وە هەر ئەو گیانی هاوڕێیەتییەشە کە خەباتی چینایەتییان چڕتر دەکاتەوە و توانای هەڵسووڕانی زیاتریان پێ دەبەخشێت . دەردی بیرۆکراتی بۆ حزب خۆرەیە ( سەرەتانە ) , دەبێت لە ڕەگەوە هەڵ بکێشرێت . بە هەر ئەندازەیەك ئەو دەردە لە هەر حزبێکی کۆمۆنیستییەوە ئالا بێت , بەو ئەندازەیە ئەو حزبە , پشت کردنە چینی کرێکار و لادان لە مارکسیزم و پەراوێز بوون لە کۆمەڵگادا بە خۆیەوە دەبینێت . وە چارسەر کردنی ئەم دەردەش , تەنیا لە ڕێگای ڕابەرایەتی کردنی بە کۆمەڵەوە دەبێت لە حزبدا . لێرەدا مەبەست بێ بایەخ کردنی ڕۆڵی ڕابەرایەتی ( بە مەکتەب سیاسی و ناوەندییەوە ) نییە , وە مەبەست لە نەپاراستنی توندوتۆڵی دیسپلین نییە , بەڵکو ڕێ کردنەوەیە لە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕابەرایەتی ( بۆ هەڵبژاردنەوەی هەمان ڕابەرایەتی , بە شێوەیەکی گشتی لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا , جۆرە پسپۆڕییەك و دۆزینەوە و بەکار هێنانی چەند شێوازێکی تایبەتی و گونجاو بۆ ئەو مەبەستە , کە نامۆیە بە خەباتی چینی کرێکار , لە ژێرەوە کراوە بە ڕێباز و پەیڕەوی لێدەکرێت ) و تەخت کردنی ئەو کۆسپانەیە کە ڕێگە لە ڕەخنە گرتنی خوارەوە دەگرێت بۆ سەرەوە . ئەڵبەتە بردنە پێشەوەی هۆشیاری چۆڕشگێرانەی مارکسیزم لە ناو ڕیزەکانی تەشکیلاتدا و ئازادی هەڵسووڕان و بەکار هێنانی بۆ پاراستنی حزب لە هەر جۆرە لادانێك ( ئینحراف ) کە لە لایەن ڕابەرایەتییەوە کاری بۆ بکرێت , بۆ خۆی تۆخمێکی بناغەیی یە لە دەستەبەر کردنی زەمینەی گەڕاندنەوەی حزب بۆ ئەندامان و چینی کرێکار . من کاتێك دروشمی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی حزبیی بۆ چینی کرێکار بەرز دەکەمەوە , ئا لێرەوەیە . حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەگەر نەتوانن ئەو سنوورە دەست کردانەی نێوان ڕابەرایەتی و ئەندامان بشکێنن , ئەگەر نەتوانن ئەندامان لە هەستی نامۆ بوون بە حزبەکەیان ڕزگار بکەن , ئەگەر نەتوانن ترس و دڵەڕاوکێی یەك بە یەکی ئەندامانی خوارەوە بڕەوێننەوە بۆ بەرز کردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتییان لە کاتی پێویستدا بە ڕووی هەر ئەندامێکی سەرەوەیاندا یان هەموو ڕابەرایەتییاندا , ئەوا ناتوانن ئازادییەکان لە ناو خۆیاندا بەرقەرار بکەن . ئەم حاڵەتە نەك دیسپلینی حزبیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و تێکی دەدات , بەڵکو دابیین کردنی هەلومەرجی پیادە کردنی ئەو دیسپلینە لێرەوەیە . جیاکردنەوەی دیسپلین لە ئازادییەکان و مافە مەدەنییەکانی ئەندامان , بە مانای کوشتنی دێت نەك زیندوو ڕاگرتنی . هێنانە دەرەوەی ئازادی و بەرز ڕاگرتن و کشاندنی هەرچی زیاتری بۆ داگیر کردنی ڕووبەرێکی فراوانتر لە هەر شوێنێکدا بێت , لە خاسیەتە بنچینەییەکانی خەباتگێڕانەی چینی کرێکارە . یانی حزب بەو ئەندازەیەی کە پەیوەستە بە چینی کرێکارەوە , دەبێت لەم بوارەشدا بەو ئەندازەیە کراوە بێت . سەرکوت بە هەموو شێوازە نەرم و ڕەقەکانییەوە لە هەر حزبێکی کۆمۆنیستیدا بە هەر پێوانەیەك بوونی هەبێت , ڕێك بە قەدەر ئەو پێوانەیە ناکۆکییەکەی بە خەباتی چینی کرێکارەوە دەکەوێتە ڕوو . یانی بۆ پتەو ڕاگرتنی ڕیزەکانی تەشکیلات , بۆ لە یەك دانەپچڕانی کاروباری ئۆرگانەکان و لاچوونی هەموو فشارێکی ناڕەوای سەرەوە بۆ خوارەوە , بۆ لابردنی نامۆ بوون و گەڕاندنەوەی حزب بە کردەوە بۆ هەموو ئەندامان , بۆ پەیوەست بوونەوەی حزب بە چینی کرێکارەوە لە ڕێگای کەناڵە ناوەکییەکانەوە , بۆ پیادە بوونی دیسپلینێکی هەمەلایەنەی چینایەتییانە , پێویستە لە ناو حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا ئازادییە سیاسی و پراکتیسی یەکانی ڕەخنە و پێشنیار و هەڵسووڕان و ڕاوبۆچوون و بەرەنگار بوونەوەی دروست , دابیین بکرێت .

**درێژەی هەیە**

**بژار** 2005-4-23

**تێبینی : جگە لەوەی کە سوپاسی هاوڕێ هەژێن دەکەم بۆ تێبینییەکان و خۆماندوو کردنی لە وەلأم دانەوەمدا , وە جگە لەوەی کە پەلەی کردووە و نەیتوانیوە چاوەڕێی تەواو بوونی باسەکەم بکات , بەو هیوایەم دەرفەتێك بڕەخسێنم و وەلأمێکی هێمنانەی لە سایتی دەنگەکانەوە بۆ ڕەوانە بکەمەوە .**